## گرنگترین شوێنە وارە گرنگەکانی کوردستان

زۆربەی توێژەران کۆکن لەسەر ماوەی پێش مێژوو کە مرۆڤ لە کوردستان پیشەی کشتوکالی زانیوە بە شێوەی دێمی( واتە پشت بەستن بە باران)، بۆ یەکەم جار لە ناوچە پێدەشت و دۆڵەکان بەك کارە هەڵساوە پاش ماوەیەکی کەم کە سەردەمی بەستەڵك بەسەر چوە لە ماوەی نزیکەی 10000 سال پ.ز.

ئەو شوێنەوارانە کە کنەو پشکنینی تێدا کراوە، لە پاش ئەو گۆرانکاریانە دێت بە سەردەمی باراناوی کە گۆرانکاری لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست کردوە، لە ئەنجامی رودانی سەردەمی بەستەڵەك لە ئەوڕوپا کار گەری زۆری لەسەر کوردستان هەبوە ئەگەر بەراورد بکرێ بە شوێنەکانی تر، چونکە بەرهەمی شارستانی بۆ سەردەمی باراناوی دەگەڕێتەوە لە کوردستان.

بۆیە گرنگترین شوێنەوارەکان دیاری دەکەین بە پێی زنجیرەی سەردەم و کات:

### ئەشکەوتی شانەدەر

بەگەورەترین و بەناوبانگترین ئەشکەوت دادەنرێت لە کوردستاندا، دەکەوێتە لای باشوری چیای برادۆست، بەسەر دۆڵی ڕوباری سەرو دەڕوانێت لە نزیك ناوەندی گوندی شانەدەر. یەکەم دۆزینەوەی بۆ دایەرەی شوێنەوار دەگەڕێتەوە، بەلام یەکەم کنە وپشکني لەلایەن ئوستازی ئەمریکی(رالف سولیکی) کراوە، یەکەم دەست پێکردنی بۆ سالی 1951ز دەگەڕێتەوە، بە بەردەوامی لێکۆلینەوەی کردوە تاکو سالی 1961ز، وە تاکو ئیستاش بەشێکی ئەم ئەشکەوتە هەلنەکۆلنراوە.

هەلکۆلینی ئەم ئەشکەوتە لەلایەن رالف سولیکی گەشتۆتە 14 مەتر، ئەم قولیەش لە چوار چینی شوێنەوار پێکهاتوە، چینی سەرەوەی بە پیتی ، ) لە ئەنجامی لێکواینەوە بە هۆی مادەی (کاربۆنی - 14 ) بۆی دەرکەوتوە کە چینی کۆتایی لە نیوان D ,C , B,A ئینگلیزی ناوناوە(

45-60 هەزار سال پ.ز بوە.

لەم چینەی کەناوی هێناوە هەندێك ئێسك و پروسکی ئاژەالی کێوی دۆزیوەتەوە، وەك ئێسکی جوانەگاو مەڕو بزن وئێسکە پشتی کیسەڵ، جگە لەمانەش چوار پەیکەرە ئێسکی مرۆڤی دۆزیوەتەوە، یەکەمیان ئێسکی منداڵێکی شەش مانگی بوە، بەلام ئەوانی تر کەسانی پێگەیشتو(بالغ) بوینە، یەکیان لەم سێ پەیکەرە کە تەمەنی 25 ساڵ بوە دەستێکی لەکار

**کەوتوە لە منداڵیەوە، لە ئەنجامی لێکۆلینەوەی بۆی دەرکەوتوە ئەمانە مرۆڤي نیاندەرتالن کە پێش مرۆڤی ژیر کەوتون(العاقل).**

**ئەوەی جێگای سەرنجە لە مەر ئەو پێسکە پەیکەرە ی کە دەستێکی لەکار کەوتوە لە سەردەمی منداڵیەوە، توێژەر هەندێك خۆڵی لە نزیك پەیکرەکە هەڵگرتوەو توێژینەوەی لەبارەیەوە کردوە، لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوتوە کە لەناو خۆڵەکە هەندێك تۆی گوڵ هەبوە کە هەشت جۆر توی گول بوە. سەرەتا وای بۆ چوە کە مرۆڤی نیاندەرتال تۆی گولیان لە گەل مردوەکان ناشتوە، بەلام دوایی جارێکی تر بە توێژینەوەکەی داچوتەوە و بۆی دەرکەوتوە کە حەوت جۆر لەم تۆ گولانە بۆ چارە سەری بەکار هاتون وە یەکێکیشیان بۆ جۆری ژەهر بوە.**

**لەپاش ئەمەدا بۆی دەرکەوتوە کە مرۆڤي نیاندەرتال هەستی بەجۆری گولەکان کردوە لەگەل سروشتیان کە هەندێکیان بۆ چارەسەری بەکار دەهێنرێن.**

**وە لە ئەنجامی توێژینەوەکەی بۆی دەرکەوتوە کە ئەو پەیکەرەی دەستێکی لەکار کەوتبو دیارە هەولی چارەسەری خۆی داوە بەلام دوای ئەوەی بێ هیوا بوە، جۆری هەشتەمی تۆ گولە ژەهراویەکەی خواردوەو کۆتایي بە ژیانی خۆی هێناوە.**

**جگە لەمانەش کۆمەڵێك کەل وپەلی بەکار هاتوی ڕۆژانە لە ئەشکەوتەکە دۆزراوەتوە وەك ئامێری کونکردن(مثاقب) درێشە و بەردی تیژ بۆ پارچە کردنی گۆشت و پاککردنی پێستە بۆ پۆشاك.**

**ئەم ئەشکەوتە بۆ سەردەمی بەردین دەگەڕێتەوە کە پێی وتراوە سەردەمی (المستیری)، بەلام لەگەل ئەوەشدا توێژەر پێشنیاری کردوە کە ئەو سەردەمەی کە پاشماوەی ئەشکەوتەکەی تێدابوە پێی باش بوە ناوی بنێن سەردەمی برادۆستی ، بە ناوی چیای برادۆست ، جگە لەمەش ئەشکەوتی بیخال کە دەکەوێتە باکوری گوندی هاودیان دە گەرێتەوە بۆ سەردەمی (المسیري) برادۆستی ، وە ئەم ئەشکەوتەش توێژەرانی ئەمریکی لە زانکۆی شیکاغۆ لە سالی 1955ز کنەو پشکنینیان تێدا ئەنجام داوە .**

**بەلام مێژوی کۆنتر لەمانە کە ئاماژەی پێکراوە شوێنی (بەردە پەلکەیە) کە مێژوەکەی دەگەرێتەوە بۆپێش ئەشکەوتی شانەدەر، کە دەکەوێتە باکوری رۆژهەلاتی چەمچەمال بە دوری 300 مەتر، تەوری تیدا دۆزراوەتەوە مێژوەکەی بۆ 100 هەزار سال پ.ز. دەگەڕێتەوە.**

## ئەشکەوتی هەزارمێرد

ئەم ئەشکەوتە دەکەویتە پارێزگای سلێمانی بە دوری 13کم، یەکەم کەس کە توێژینەوەی لەبارەی ئەم ئەشکەوتە کردبێت ئوستاز(بیدوود) بوە لەسالی 1928ز.

لە ئەنجامی پشکنینی ئەم ئەشکەوتە هەندێك کەرەستە دۆزراوەتەوە کە لەبەرد دروستکرابون مێژوەکەی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی ( المستيرى) سەردەمی بەردێنی کۆن کە مێژوەکەی بە 50 هەزار سال پێش زایین دادەنرێت.

ئەم توێژەرە دەڵێت : ئەوانەی لەم ئەشکەوتە ژیانیان بەسەر بردوە هاو سەردەم بوینە لە گەل مرۆڤەکانی ئەشکەوتی شانەدەر، لەگەل ئەوەشدا هیچ جۆرە ئێسك و پروسکی مرۆڤ نەدۆزراوەتەوە لەم ئەشکەوتەدا.

ئەو توێژینەوە یەك لەدوای یەکانەی کە لەو سەردەم کراون ئاماژەیان بە هیچ ئێسك و پەیکەری مرۆڤ نەداوە کە دۆزراونەتەوە تەنها ئەوەی ئەشکەوتی شانەدەر بوە.

ناوی ئەم ئەشکەوتە بە هەزار مێرد هاتوە واتە هەزار پیاو، گوزارشتیشی لەوە کردوە کە ئەشکەوتەکە شوێنی هەزار پیاو دەبێتەوە، دیارە ئەم ناوە تایبەتە بە پلەی سەربازی واتە سەرکردەی هەزار کەس.

## ئەشکەوتی زەرزی

ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە چیای سورداش کە ئەشکەوتێکی بچوکە و زور دور نیە لە ئەشکەوتی کورو کچ و قزقەپان کە بەدەست دروست کراون.

توێژەری ئەمریکی بەناوی (کارود) لەسالی 1927ز پشکنینی تێدا کردوە، هەند

یك پاشماوەی شوێنەواری تێدا بەدی کردوە کە بۆ سەردەمی بەردینی کۆن دەگەڕێتەوە، کە کەل وپەل و کورەستەی زور ورد بوینە، کە مێژوەکەی بۆ 12 هەزار سال پێش زاین دەگەڕێتەوە.

**جگە لە توێژەر (کارود) ئوسازێکی تری ئەمریکیش بەناوی(هاو) توێژینەوەی تێدا کردوە، کە بۆی دەرکەوتوە شوێنەوارەکە بۆ کۆتایی سەردەمی بەردینی ناوەراست دەگەڕێتەوە.**

**لە ئەنجامی توێژینەوەی هەردو توێژەران بۆیان دەرکەوتوە کە ئەشکەوتی زەرزی هاو سەردەمی شوینەواری (بالی کۆرا) بوە لەگەل چینی B لە ئەشکەوتی شانەدەر.**

## گوندی چەرمۆ

**گوندی چەرمۆ دەکەوێتە شوێنیکی بەرزو دەڕوانێتە دۆلی (جم کورا)، کە لقێکی ڕوباری عوزێم و (طوق جاي) ە، بە دوری 11کم بەرەو ڕۆژهەلاتی چەمچەمال، بەرزیەکەشی لە ئاستی دەریاوە( 2500) پێیە و ڕوبەرەکەشي (90 ×140م) دەبێت، قولایی پاشماوە شوینەوارەکان نزیکەی (7م) بوە، لە وانەیە بەشێك لە گوندە سەرەکیەکە ئاو رایمالیبێت.**

**دایەرەی شوێنەوار لە چلەکانی سەدەی بیستەم ئەم شوێنەی ئاشکرا کردوە، لێژنەیەکی ئەمریکی لە پەیمانگای ڕۆژهەلاتی زانکۆی شیکاغۆلە سالی 1948 دەستی کردبو بە کنەو پشکنین بە سەر پەرشتی ئوستاز بردوود وە بەردەوام بوە تاکو سالی 1955ز. ئەم لێژنەیە توانیبوی شازدە چین لە شوێنەوارەکە بەدیار بخات، (11) چینی خوارەوە هیچ جۆرە گلێنەو تاسولقەیان لینەدۆزیبوەوە، بۆ ناویان لەم چینانە نابو سەردەمی پێش گلین کاری، شوینواری گلێنەیی لە (5) چینی سەرەوە دەرکەوتوە، لە ئەنجامی پشکنینی زانستی بە هۆی کاربۆنی (C-14) دەرکەوتوە کە مێژوەکەی بۆ (7000) هەزار سال پێش زاین دەگەڕێتەوە، ژمارەی مالەکانیش بە (30) مال خەملێنراوە، ژمارەی دانیشتوانی گوندەکەش بە (150) کەس دانراوە.**

**ئەم گوندە کاری کشتوکالیان کردوە وەك چاندنی جۆ و نیسك و مۆك جگە لە گرنگی دان بە بەڕو وفستق، سەبارەت بە ئاژەلداریش ئێسك و پروسکی مەڕو بزن و بەراز بەدی کراوە بەلام هیچ بەلگەیەك لەبەر دەست دانیە کە ئاخۆ مانگا بەخێو کرابێت.**

خانو بەرەی ئەم گوندە بە شێوەی لاکێشەیی بوە و بە شێوەی کولانەی سەرەتایی، بەلام بناغەی خانوەکانیان بە بەردی سروشتی بینا کردبو، دیواری خانوەکانیش بە قور سواق درابون، ژێرەوەی ژورەکان چینێك قامیش راخرا بو دوایش سەری قامیشەکان قوڕ ڕێژ کرابو، سەری ژورەکانیش بە قامیش و دار گیرابو.

ئەو کەل و پەلانەی لەم گوندە دۆزراونەتەوە بریتی بوینە لە کوچکی لە ئێسك دروستکراو و دەرزی و سەلکە تەشی، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە خەلکی ئەم گوندە رستن و چنینیشیان زانیوە.

هەندێك کەل وپەلی تریش دۆزراونەتەوە کە لە بەردی کلس دروست کارون، وەك تەورو بەردە ئاش و ئاون وهەندێك قاپ و جوانکاری و بازن وخەناوکەی دروستکراو لە بەردی مەرمەر.

باوەر و عەقیدەیان بە دایك هەبوە چونکە هەندێك بوکەلە دۆزراوەتەوە کە گوزارشت لە دایك دەکات، کە بە خوداوەندی دایك ناوی هاتوە ، چونکە بە سەرچاوەی بەرهەمیان زانیوە.

## شوێنەواری دەربەندی کاوڕ

دەربەندی کاوڕ دۆڵێکە لە گوندی قەرەداغ بە دوری 45 کم، ئەم شوێنەوارە بریتیە لە وێنەی هەلکۆڵراوی جەنگاوەرێك لە ڕوی چیایەك کە درێژی جەنگاوەرەکە 10 پێ دەبێ و کلاوێکی خری لەسەرە، کەوانێکی بەدەستی چەپی گرتوە و تەورێکیشی بەدەستی راستەوەیەتی و پێی چەپیشی بەرز کردۆتەوە تاکو چۆکەکانی وا پێدەچێ لەکاتی ڕۆیشتندا بێت، دوو وێنەی کەسي کوژراویش لە ژێر پێیەکانی دەبینرێت، هەریەك لەمان بە قەبارەی چاریەکی جەنگاوەرەکە دەبێت.

یەکەم کەس کە وێنەی ئەم هەڵکۆڵراوەی بلاوکردبێتەوە و زانیاری لەسەر خستبێتە ڕوو (ایدمونس) بوە لە سالی 1925ز، بەلام لەگەل ئەوەشدا ئەم وێنەیەی بە ڕونی نەخسۆتە ڕوو، بۆیە جارێکی تر پەیمانگای شوێنەواری ئەلمانی لە شاری بەغدا لەسالی 1960ز وێنەی ئەم هەڵکۆڵراوەی گرتۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش (ایفاشترومنکر) ی راسپاردوە لە هاوینی هەمان سالدا بۆ وێنەگرتنی ئەم هەڵکۆڵراوە، ئەویش بە شێوەیەکی ڕونتر لە چەند لایەکەوە وینەی جۆراو جۆری گرتوە، لە پاشدا لێکۆلینەوەی کردوە و لە بەشي دوەمی گۆڤاری شوێنەواری ئەلمانی کە بەناوی(اخباريات بغداد) بلاوی کردۆتەوە. لە توێژینەوەکەی گەیشتۆتە ئەو ڕایەی کە ئەم وێنەیەی دەربەندی کاوڕ (نرام سین 2260-2223 پ.ز) مەلیکی ئەکەدییە، چونکە ئەم وێنەیە زۆر بە وێنەی مەلیك نرام سین دەچێ کە لە شاری (سوسا) دۆزراوەتەوە.

بەڵگەیەك هەیە کە ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێ، ئەوێش لە ڕێگای خوێندنەوەی نوسینی مێخیەکاندا هاتوە، کە دەلێت کاتێك (لولوبیەکان) لەسەردەمی (ساتونی) مەلیکیان لەگەڵ ولاتی (سیدۆری)یەکگرتنێکیان کردبو دژی (نرام سین) بۆیە ئەویش لەشکرێکی کردبوە سەریان و بەسەریان سەرکەوتبو و لەم شوێنەدا وێنەی خۆی بەجێهێشتوە.

## ئەشکەوتی کورو کچ

**لە ناوچەی قزقەپان ئەشکەوتێکی دروستکراو هەیە بەناوی (ئەشکەوتی کوروکچ)، دەکەوێتە پشت گوندی شەرناخ، بەئاسانی مرۆڤ دەتوانێ پێی بگات، لەپێش ئەشکەوتەکە (دکە) کۆسپەیەك هەیە کەپانیەکەی شەش پێ دەبێت، لەپێش ئەشکەوتەکەش دوو ستون هەیە وە دوو پێ لە ڕوی ئەشکەوتەکە وە دورن .**

**لە ڕوی پێشەوەی ئەشکەوتەکە ئەگەر بۆ ژورەوە بچیت ژورێك بەرچاو دەکەوێت درێژیەکەی حەوت پێ و پانیەکەشی پێنچ پێ و بەرزیە کەشي چوار پێ دەبێت، بۆ دوبەشی یەکسان دابەش بوە و هەبەشێکی چاڵێکە بۆ گۆر بە شێوەی لاکێشەیي، هیچ زانیاریەکی ئەوتۆ لەبەر دەست دانیە بۆ شوێنی ئەم گۆڕانە، بەلام پسپۆرانی تایبەت بە مێژووی میدیەکان بۆ چونیان وایە کە گۆری مەلیکی میدی ( فراور طیس) بێت، چونکە بۆ چونیان وایە کە مەلیك فراور طیس کوژراوە کاتێ هێرشی بۆ سەر ئاشوریەکان کردوە لە نزیك ئەو ئەشکەوتە.**

## ئەشکەوتی قزقەپان

**لە یەکێك چیاکانی سەرسەرد لە ناوچەی سورداش ئەشکەوتێکی دروستکراو بەرچاو دەکەوێت، بەناوی(قزقپان)، مانای ئەو ئەشکەوتە بە زمانی تورکیە ، قز واتە کچ، قپان، واتە رفاندن.**

**ئەم ئەشکەوتە لە ڕوی چیا دروستکراوە بە بەرزی 25 مەتر، بەئاسانی مرۆڤ ناتوانێ سەربکەوێ پێچەوانەی ئەشکەوتی کوروکچ، تەنها بەهۆی گوریس و پەیژەی دار مرۆڤ دەتوانێ پێي بگات.**

**دەرگای ئەم ئەشکەوتەلە شێوەی ڕوی قەسرێك دەچێ و کۆتایی دێت بە دەرگایەکی نزم، درێژی رووەکەی23 پێ و قولی 9,5 پێ و بەرزیەکەشي 13,5 پێ دەبێت.**

له هەردوو لای دەرگاکە دوو ستون هەیە لەسەروی هەریەکێکیان تانجێکی شیوەی یۆنانی بەدی دەکرێت، لەسەر دەرگاکە لە نێوان هەردو ستونەکان زەخرەفەیەکی لاکێشەیي کراوە کە گوزارشت لە وێنەی دوو کەس دەکات و لە پێشیان پەرستگایەکی ئاگردان هەیە ، لە سەرەوەشیان 3 نیشانەی خوداوەند هەیە، لەوانیش نیشانەی خوداوەند (اهورا مزدا)، بەرامبەر دوستونەکەی دەرگا ژورێکی بچوك لە ناوەراست هەیە، لەوێشەوە بۆ ڕاست و چەپ ژوری بژوکی تر هەن ، لە هەیەك لەمانیش 3 شوین هەڵکۆلراوە بۆ گۆڕ بە شێوەی لاکێشەیي ، درێژی هەریەکیان دوو مەتر دەبێت، بۆمان دەرنەکەوتوە کە مێژوەکەی بۆ چ سەردەمێك دەگە ڕێتەوە .